كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 14:12 5-6-2007

## بەداخەوە هێزەكانی (ئەمنی خۆمان) نەبوون باندە تیرۆرستییەكەیان ئاشكراو دەستگیر كرد... باوكی هەریاد

بێهێزی دەزگاكانی ئاسایش و هەواڵگری ناوخۆی هەرێمی كوردستان تا ئێستا لەوەدا خۆی بینیوەتەوە، كە نەیانتوانیوە باندێكی تیرۆرستی لە خەوی شیرینا ڕاچڵەكێنن و دەستگیریان بكەن، بەر لەوەی هیچ كردەوەیەك ئەنجام بدەن. بە پێچەوانەوە، ئەوە ئەوانن حكومەت و دام و دەزگاكانی لە خەوی خۆش و شیرین ڕادەچڵەكێنن و بەسەركەوتوویی كردەوە ناشیرن و دوژمن بە مرۆڤایەتییەكانیان ئەنجام دەدەن، (1ی شوبات، پێش وەزارەتی ناوخۆ سەر شەقامی كەكوك، بنكەی مەشقی پۆلیسی هاتووچۆ، ناوچەی هێزی ناوخۆ، وەزارەتی ناوخۆ سەر شەستی، مەخموور) ئەمە جگە لە چەندین كردەوەی كوشتن و ڕفاندن، وەك ئەو كردەوانەی تاقمەكەی شێخ زانا ئەنجامیان دەدا كە منالێك بووە هۆكاری ئاشكرا بوونیان.

بەداخەوە لە ڕابردوودا دەزگاكانی ئاسایش و هەواڵگری هەرێم ئەوەندەی عەودالو وێڵی زانین و كۆكردنەوەی وردترین زانیاری بوون لەسەر كادرو ئەندامانی لایەنی بەرامبەر (پارتی و یەكێتی) نیو ئەوەندە خەریكی ئاشكرا كردنی تۆڕە تیرۆرستیەكان نەبوون. كە زۆر لەسەر خۆو بە هێمنی لە ساڵانی ڕابردودا گەراكانی خۆیان داناوەو ئەمرۆ یەخەمان دەگرن و ئارامیمان تێك دەدەن.

لەدوا سەردانی مالكی بۆ كوردستان و لەكاتی بەڕێكردنی جەنابیان لە لایەن سەرۆكی هەرێمی كوردستانەوە، لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەییدا، سەرۆكی هەرێم ڕایگەیاند كە دەزگاكانی ئەمنی (خۆمان) توانیویانە تیرۆرستانی بەرپرس لە هەردوو كردەوە خۆكوژیەكەی هەولێرو مەخموور دەستگیر بكەن. بۆ مێژوو دەبی بگوتری و خەڵك بیزانی، كە فەوجێكی سەر بە حكومەتی عێراقی لە ناوچەی شەرگات هەیە بە فەجی (طلال) ناسراوە (بەناوی بەرپرسی فەوجەكەوە)، ئەوان توانیویانە بەرپرسیاری سەرەكی ئەو دوو كارەساتە دەستگیر بكەن و لێكۆلینەوەی لەگەڵ بكەن و زانیاری لێوەربگرن ئینجا ڕادەستی ئاسایشی هەولێری بكەن، كە پاشان ئەوە بووە هۆی ئاشكرابوونی كەسانی تری سەر بەم باندە تیرۆرستییە، باجەكەشیان بەوە دایەوە كە تیرۆرستان لە تۆڵەی ئەمە لۆرییەكی پڕ تی ئێن تیان لە ناوچەكەی ئەوان تەقاندەوە. من وا تێئەگەم كە سەرۆكی هەرێم بەتەواوی ئاگاداری ئەم ڕاستییە نییەو كەسانێك هەن بۆ خۆ بادان و خۆڵ كردنە چاوی خەڵك دەیانەوی ئەم چالاكییە بەناوی ئەوانەوە تۆمار بكری ودەستخۆشانەی پی وەربگرن، ئاگادارنین دونیا گۆڕاوەو ڕاستی ئاوەژوو ناكرێتەوەو هەموو خەڵكی ناوچەكەش ئاگاداری ئەم ڕاستیانەی سەرەوەن،

srushti_jwan@yahoo. com
2007/6/2

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.